کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-9-2007 22:42

**کوردستان زیندانێکی گەورە یە؟ یا زیندان کوردستانێکی بچوکە؟ ... هەردی شەفیق**

چۆن لە زیندانەکاندا عەسابە و چەقۆ وەشێن هەیە لەدەرەوەش بەهەمان شێوە ماف پێشێلکردن هەیە، یاسا شکێنی هەیە، دزی و ڕاوروت هەیە (بەڵام ناوەکەی گۆڕاوە بۆگەندەڵی) پێشێلکردنی مافی خەڵك و فەقیر و هەژار هەیە. لەم وڵاتە ئەوەی دەستی بەویژدانی خۆیەوە گرتووە، بەدوای کلاوە بابردوە کەیدا ڕائەکات لەشوێنێکدا بیگرێتەوە. ئەوەشی ماڵ و سامانی ئەو میللەتە ئەبات، وەك شیری دایکی خۆی بۆخۆی بەحەلاڵی ئەزانی و کۆشکەکانی ئەگەیەنێتە هەور، بەسەرماڵی میللەتەوە پیاوەتی بەئاوی حەمامەوە ئەکات بەبی ئەوەی بزانی ماڵی کی یەو، ئەوخەڵکە لەچی ڕەزالەتێکدا ئەژین و چەندە پیویستیان پێیەتی.



هەرکەس لەسەر بستێك زەوی تەجاوزبکات ئەخرێتە زیندانەوە، پاروەنانێك بدزێت ئەخرێتە زیندانەوە، لەسەرجادەیەك موخالەفە بکات.... کەچی لەبەرامبەردا بۆ دەست ڕۆشتووەکان سوکایەتی بەمرور ئەکرێت، بەئاسایش ئەکرێت.... کۆشکی گەورە گەورە دروست ئەکرێت و یاساش بەدەردی ئەوتۆری ماسیەی لێهاتووە ماسی گەورە ئەگرێت و حودی گەورە ئەیدرێت.

سەیرکە لەوبێکاری و گرانیەدا عەرەبی دنیایان قوتکردوەتەوە بۆکارکردن، تورك و بیانی تریان هێناوە بۆکارکردن، گەنجەکانی خۆشمان بەشەقامەکاندا ئەسورێنەوە بێکار و بەتاڵ. دیاردەی لەشفرۆشی لەپەرەسەندن دایە، دزی کردن تادی مۆدیلی نوێتر بەخۆیەوە دەبینی بلاوبونەوەی تلیاك تادی زیاتر ئەبی، هەزار دیاردەی تر کە سەرچاوەکەی هەژاریە و ئەو خەڵکە برسیە دەستی ئەداتی و دواتریش زیندانەکانیان پی ئاوەدان دەکرێتەوە. حکومەتیش میشی میوانی نیە و دەربەستی ژیانی ئەو خەڵکە نیە. مووچەی کۆمەڵێك فەرمانبەر زیادئەکات بازاڕ لەسەر هەمووخەڵك بەبێکارو کرێکارەوە زیادئەکات. ئاخرکی لەسەرتیری دزی ئەکات جگەلە کۆمەڵێك بوونەتە داشە هارەی بەڕو بەحرو لەهەموو شوێنێك ئیشیان ئەڕوات و ڕۆژلەدوای ڕۆژ سامانەکانیان بەشێوەیەکی خەیاڵی زیاد ئەکات؟

سەیرە خەڵکی ئەم کۆمەڵگا عەیب تەنها لەشەرەفی ئافرەتدا ئەبینی، ئایا ئەخلاق لەڕستگۆیدا نی یە؟لەویژداندانیە؟لەوەفاداری و ڕاستگۆیدا نیە؟من پێم وایە ئەوژنە سۆزانیە زۆر لەوپیاوە شەریفترە بەخەیاڵی مناڵەبرسیەکانیەوە سواری سەیارەی ئاخرمۆدێل ئەکات و دواتریش پەنجەی سوکایەتی و بێئابرویی بۆدرێژئەکات. ڕۆژبە ڕۆژ شیرازەی کۆمەڵگای کوردی بەرەو خراپی و هەڵوەشانەوە ئەچێت، تادێت باری سەرشانی خەڵك گران ئەکرێت، تادێت خەڵکی ئەم وڵاتە لەدەست گرانی وجیاوازی کردن و نابەرابەری و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ ئەم وڵاتە جێدێڵن و سەری خۆیان هەڵ ئەگرن و بەقسەی تەلەفیزۆنەکانیش بێت هیچمان کەمترنیە لەسوید. حکومەتیش باشترین چارەسەری گرتنی خەڵکە لەسەر سنورەکان و هەوڵدان بۆگێڕانەوەیان لەوڵاتانی ترو داواکردن بۆگەڕنەوەی پەنابەرەکان. ئایا ئەمە چارەسەری ئەو هەمووکێشەی ڕۆژانەی خەڵکە ئەکات ئەو خەڵکە گرفتاری بوون؟. لەچی وڵاتێکدا باری گوزەران وژیانی خەڵك بەوشێوەیە ناویشی لەخۆی نایبێت دیموکراسی وپێشکەوتوو؟!لەچی وڵاتێکدا گەندەڵی ئیداری بەو شێوەیە؟تکایەچیترباسی خۆشگوزەرانی خەڵکی ئەوروپامان پی مەفرۆشن و کەمیش ئەو بینا تازە دروستکراوانە نیشانی ئەوانەی دەرەوە بدەن کەتەنها مەسئولەکان ئەوێرن مامەڵەی بکەن. چیترئەوانەی دەرەوەش بەشاری خەونەکان و.. هتد. هەڵ مەخەڵتێنن بێنەوە. بزانن ئەوانەی بەوشتانە گەڕانەوە لەسەدا چەندیان بەتەمان بگەڕێنەوە و ئەم وڵاتە جێبهێڵنەوە؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:42 12-9-2007

چارەسەر ئەوەنیە تۆ خەڵك لەوڵاتەکەیدا زیندانی بکەیت و ڕێگای چوونە دەرەوەی لێبگریت (کەناشتوانرێت کۆنترۆڵبکرێت) چارەسەر تەنها بەباشترکردنی گوزەرانی خەڵك و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و دابینکردنی ژیانی ئاسایی خەڵکە وەك ئاو و کارەبا و دابینکردنی شوێنی نیشتە جێبون و نەهێشتنی گەندەڵی ئەکرێت نەك (ڕیکلام کردن بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانی و ڕێگری کردن لەخەڵك بۆئەوەی وڵاتەکەی جێنەهێڵی) . تکایە جوانی بگێڕنەوە بۆژیان لایەنی کەم بەزەیتان بەم ئەزمون و، چاوتان لەو هەڕشانەبێت لەسەر ئایندەی ئەم گەلەیە. تکایە چاوێك بەژیانی ئەوخەڵکەدا بگێرَنەوە لەسایەی سەری ئێوە و بەهەشتی ژیانی ئێوەوە لەدۆزەخدا ئەژین. خۆئەگەر ئەوبارە ناهەموارەی ژیانی خەڵکیشتان پێ باشنکری لێگەڕێن ئەو خەڵکە تیماری دەردی برینەکانی خۆی بکات و ئەم ڕەزالەت و زیندانە گەورە جێبهێڵی کە بوارێکی بۆژیانی ئەو تێدانەماوەتەوە.

Jgarsoz8181@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.